**راگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە:**

# بەدواداچوون و ئازاردانی هەڵسووڕاوانی فەرهەنگی لە کوردستان مەحکوومە

لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا دەست و پێوەندەکانی ئیتلاعات و دامەزراوە قەزاییەکانی کۆماری ئیسلامی بە شێوازی جۆراوجۆر پەرەیان بە گوشار خستنە سەر رووناکبیران و هەڵسووڕاوانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی داوە. بێگومان بواری فەرهەنگی و روناکبیری بووەتە سەنگەرێکی پڕ لە شانازی بۆ بەربەرەکانێ و وەستانەوە لە دژی سەرکوتکاریەکانی ئەم رژیمە و تێك شکاندنی دەسەڵاتی فەرهەنگی ئیسلامی و دواکەوتووانە و، هەر ئەم راستیە بووەتە هۆی تووڕەیی و سەرلێشێواویی داگیرکەرانی کۆماری ئیسلامی.

هەنوکە ژمارەیەکی بەرچاو لە هەڵسووڕاوانی ئەدەبی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، هەرکامەی بە بیانوویەك پەروەندەیان بۆ ساز کراوە و بانگ کراونەتە دادگا. ژمارەیەکیش لە لایەن کارمەندانی ئیتلاعاتەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوە و بە ئاشکرا هەڕەشەیان لێ کراوە و بەشێکیشیان لە هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتی یان کارکردن بێبەش کراون. گوشار خستنە سەر خاتوو شەمزین جیهانی لە مهاباد تەنیا نموونەیەکە لەو چەشنە زەخت و گوشارانەی سەر هەڵسووڕاوانی فەرهەنگی لە شارەکانی کوردستان.

ئێمە سیاسەتی گوشار خستنە سەر روناکبیران لە لایەن دەزگا جۆراوجۆرەکانی رژیمەوە مەحکووم دەکەین و داوا لە هەموو خەڵکی ئازادیخواز و رێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران دەکەین دەنگی نارەزایی خۆیان لە دژی ئەم سەرەڕۆیی و زۆر وێژیانە، بە گوێی جیهان بگەیەنن و پشتیوانی خۆیان لە هەڵسووڕاوانی فەرهەنگی و روناکبیرانی کوردستان دەرببڕن.

هەروەها داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان و کۆڕوکۆمەڵی روناکبیری دەکەین لە بەرامبەر ئەم شەپۆلە نوێیەی سەرکوت و تۆقاندندا بوەستنەوە و ئەم کردەوانەی رژیم مەحکوم بکەن و پەرە بە چالاکیە فەرهەنگی و رۆشنگەریەکانیان بدەن و ئەو کردەوانەی دەزگاکانی رژیم بکەنە بوارێك بۆ لەقاودان و ئامرازێك لە دژی کۆماری ئیسلامی.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
18ی بەفرانباری 1383ی هەتاوی
7ی ژانویەی 2005ی زایینی

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)31384**99
Mobile: **009647701405134**
**Fax: 00447043140449**